کێ لە کارەساتەکانی ڕێگەو بان بەرپرسیارە؟!

جاران کارەساتەکانی ڕێگەو بان کەمترین زیانیان لێدەکەوتەوە، بەڵام ئێستا زیانەکانی ترافیک هێندە زۆر بووە کە خەریکە شۆفێرو خەڵک زراوڕژێن دەکات، بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە چەندین لایەنمان بەسەر کردوە، ئاکام بۆ دەستی شۆفێرو لایەنی پەیوەندار دەمێنێتەوە.

سەرەتا سەردانی ئەو شوێنانەمان کرد کە ئۆتۆمۆبیلی تامپۆنکراو یان وەرگەڕاویان لێ کۆکراوەتەوە، بێگومان بەردەرگەی یان گۆڕەپانی زۆربەی بنکەکانی پۆلیسی سەر ڕێگەکان سەیارەی لەو بابەتەیان تێدایە، هەندێکیان ماوەیەکی کەم دەمێننەوە، جاری واش هەیە ماوەیەکی درێژ ئەو دیمەنە ترسناکە چاوشارکێ لەگەڵ شۆفێرو ڕێبواراندا دەکات.

گۆڕەپانی تەنیشت بنکەی پۆلیسی ناحیەی شۆرش 'دێگەڵە' یەکێکە لەو گۆڕەپانانەیە کە دەکرێ بە گۆڕەپانی مەرگ ناوی بنێین، چونکە زۆربەی کاتەکان ئۆتۆمۆبیلی وەرگەڕاوو تامپۆن کراو پێشانی شۆفێرو ڕێبواران دەدات. بە حوکمی ئەوەی کە ڕێگەی نێوان کۆیە-هەولێر ناخۆش و پێچاو پێچە، وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، کارەساتی زۆری لێدەکەوێتەوە، مخابن زۆر جارانیش ئەو کارەساتانە مەرگی مرۆڤ دەچنن. کەسێک بەناوی (م) لە بەردەم یەکێک لەو ئۆتۆمۆبیلە تامپۆنکراوانەدا ڕاوەستابوو، زۆر بە قوڵی سەرنجی لێدەدا، هەستت دەکرد کە خۆشەویستێکی بەهۆی ئەو سەیارەیەوە لەدەست داوە، سەرەتا نەمویست ڕایەڵەکانی خەیاڵ و بیرەوەریەکانی لێ بپسێنم، دوایی کە بینیم دەیەوێ بڕوات، چومە لای و لێم پرسی: ' دەڵێی ئەم ئۆتۆمۆبیلە هی ئێوەیە؟ خۆ زیان بە کەس نەگەیشتووە؟'

کابرا ئاوڕێکی لێدامەوەو بە هەناسەبڕکێوە گوتی: 'زیان و بەس! ماڵی وێرانی کردین، تازە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە'

ئەو نەیویست باسی ئەو زیانانە بکات کە بەهۆی ئەو ئۆتۆمۆبیلەوە پێیان گەیشتووە، کاتێک پرسیم کێ لەو کارەساتانە بەرپرسیارە، سەرێکی لەقاند و گوتی: 'وەڵا خۆشمان لەو کارەساتانە بەرپرسیارین، ئەگەر تەحەمولمان هەبێ و خێرا لێنەخورین، لەوانەیە زیانەکان هێندە گەورە نەبن، بەڵام بە پلەی یەکەم حکومەت بەپرسیارە، بۆخۆت دەبینی کە ڕیگەکە چەند خراپە، پێچاوپێچی زۆرە، باریک و تەسکە، کەندو کۆسپی زۆری تێدایە، تابلۆی کەمی بۆ داندراوە'

ئەوەی تەنیا جارێک بەو ڕیگەیەدا بڕوات، هەست بە مەترسی دەکات و دەزانێ کە چەند مەترێک لە مەرگ نزیک دەبێتەوە. بەتەنیا ڕیگەی نێوان کۆیە - هەولێر نیە کە خراپەو پێچاوپێچی زۆرەو ڕێنمایی کەمە، بەڵکو زۆربەی ڕیگەوبانەکانی نێوان شارەکانی کوردستان لەو بابەتەن، ئەگەر چاکیش دەکرێن، زوو تێک دەچنەوە، هەندێ ڕیگەی وەکو نێوان دووکان- سلێمانی ئەوە چەندین ساڵە پێوەی خەریکن و تەواو نابێ، هێشتا تەواو نەکراوە، کەندو کۆسپی تێکەوتووە، لەلایەکەوە دوو سایدەو لە شوێنێکی دیکە بەلای چەپ بۆتە یەک سایت، لەشوێنێکی دیکە بەلای ڕاست بۆتەوە یەک ساید. دەکرێ بڵێین کە حکومەت کەمتەرخەمە، ئاسانکاریش لەگەڵ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایانەش دەکات کە ئەو کارانە بەڕێوەدەبەن، دەنا کۆمپانیایێک چۆن دەتوانێ بێباکانە تەندەر وەربگرێ و لەکاتی خۆیشی تەواوی نەکات؟! یان چۆن ئەندازیارەکان کوالیتی خراپیان لێ پەسند دەکەن؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ئایا بەرپرسانی کوردستان ئاگایان لە خراپی ڕیگەوبانەکان نیە؟

مام سابیر دانیشتووی یەکێک لەگوندەکانی دەڤەری دووکان پێیوایە مادام سەیارەی بەرپرسەکان مۆدێل بەرزن و تاسە ناکەن، ئەوانیش ئاگایان لە جادەکان نیە، بەڵام ئاکۆی برای پێیوابوو ئاگایان لە خراپی ڕیگەوبانەکان هەیە، ئەو دەیگوت: 'یەک دوو کارەسات لەو ڕیگەیە ڕوویدا، وا بزانم هی خزمی بەرپرسەکان بوون، ئەوجار بیریان لە چاک کردنەوەی ڕیگەکە کردەوە، جاران تەنیا ئەم ڕیگەیە لەنێوان سلێمانی و هەولێردا هەبوو، بەڵام لەوەتەی بەعس ڕووخاوە، ڕیگەی کەرکوک کراوەتەوە، بەرپرسەکانیش بەدەگمەن بەم ڕیگەیەدا هاتوچۆ دەکەن، ڕیگەی کەرکوک بۆ ئەوان ئاسان و کورتترە'

ڕۆژی ٣٠ی تەمموز هەواڵیان پێدام کە سەیارەی فلانە ناسیاوت وەرگەڕاوە، خۆی بریندارەو لە نەخۆشخانەیە، بەپەلە خۆم گەیاندە نەخۆشخانە و سەردانیم کرد، ئەگەرچی جەستەی بریندار بوو، بەڵام خۆشبەختانە تەندروستی باش بوو، ئەو ناسیاوەم دەیگوت: 'باوەڕتان هەبێ، من هیچ تاوانێکم نەبوو، سەیارەیەک لەبەرانبەرم هات، زۆر نەمابوو لێم بدا، منیش بەلای دەستی ڕاست شکاندمەوە هەرهێندەم زانی وەرگەڕام، نازانم ئەو کەندڕە چی بوو لە تەنیشت ڕیگەکە لێدرابوو؟، ئاخر ئەگەر کەندڕ نەبوایە سەیارەکەم وەرنەدەگەڕا'

ئەو ناسیاوەم زۆر گلەیی لە لایەنی پەیوەندار هەبوو، پێیوابوو بەس تێپەڕی دەکەن، ئەو دەیگوت: 'ئەگەر مەبەستیان خزمەت کردن بێ، دەتوانن بەباشی چاودێری ڕێگەوبانەکان بکەن، بەڵام لەبەر خزم خزمێنەو واستەو واستەکاری هەموو پرۆژەکان ساختەیان تێدا دەکرێ، ئاخر ئەم ڕیگەی سەیارەکەی منی لێ وەرگەڕا تازە سایدێکی نوێی بۆ دروست کراوە، بەڵام لەتەنیشت ڕیگەکەدا بەدرێژیی هەڵیان دڕیوە، من نازانم ئەو کەندڕە بۆ پڕ ناکرێتەوە؟'

ئەو ناسیاوەم گلەیی لە بەختی خۆی دەکرد و دەیگوت: 'ڕاستە خۆم سەلامەت دەرچووم، بەڵام سەیارەکەم تەفنیش بوو، زۆرم زیان پێکەوت، تازە بە دەفتەرێک و بیست گەڵا کڕی بووم، کێ هاوکاریم دەکات، ئەگەر وەکو وڵاتان شەریکەی تەئمین هەبوایە، من و هەزارانی وەکو من هێندە پەرێشان نەدەبووین، هی وا هەیە سەرو ماڵی تێدەچی، داخۆ کەی حکومەت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێ و کۆمپانیای دابینکەرو دادەمەزرێنی و دەست بەکاریان دەکات؟!'

ئەو ناسیاوەم بابەتی تەئمینی وەبیر هێنامەوە، ئاخر لە وڵاتاندا زەمانەت هەیە، کۆمپانیا یان حکومەت لەکاتی کارەساتدا هاوکاری زیانلێکەوتوو دەکات، بەڵام لێرە هیچ شتێک نیە، زیانلێکەتوو لە دووسەرەوە ماڵی وێران دەبێ، جاری واهەیە ماڵیشی دەچێ و سەریشی دەچێ. زۆرێک لەو شۆفێرانە گلەیی ئەوە دەکەن کە لەکاتی ڕوودانی کارەساتدا زیانی سەرنشینەکانیشیان دەکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر تەئمینی کەسێتی هەبێ، کەسی زیانلێکەوتوو لەهەموو بوارێکەوە قەرەبوو دەکرێتەوە، باشە حکومەتی هەرێم کەی بیر لەوە دەکاتەوە؟ حکومەتێک ئەگەر خۆی بە بەرپرسیار بزانێ و مەبەستی خزمەتکردنی گەلەکەی بێت، دەبێ ئەوانە بۆ جەماوەرەکەی دابین بکات، دابینکردنی هاوشێوەکانی تەئمین هاوکاری باش بە خەڵک دەکات و ئەرکی دەوڵەتیش کەم دەکاتەوە.

ئێستا کێشەکانی ڕێگەوبان بەتەنیا لە خراپی ڕێگەوبان چڕنابێتەوە، بەڵکو فرەلایەنی هەیە، کە دەکرێ بەم شێوەیە پۆلێنی بکەین:

١-باشکردنی ڕێگەوبان کە حکومەت تێیدا بەپرسیارە.

٢- شۆفێرەکان خۆیان لە سەرپێچیکردن و بەهێندە وەرنەگرتنی ڕێنوێنیەکان بەرپرسیارن، خۆیان لە خێرا لێدەخورین بەرپرسیارن، کە دیارە سەدا پەنجای کارەساتەکان بەهۆی خێرا لێخورینەوە ڕوو دەدەن.

٣- بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆ بەرپرسیارە، چونکە مۆڵەتی شۆفێری بە خەڵک دەدات و جەخت لەسەر زانیاریەکان ناکاتەوە، شۆفێری وا هەیە کە ٢٠ ساڵە مۆڵەتی شۆفێری لەباخەڵ دایە، بەڵام سەری لە هێماکان دەرناچێ و لە ڕێنوێنیەکان تێناگات.

بەهۆی پۆلین کردنی بەرپرسیاریەتیەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دامەزراوەکانی حکومەت بەپلەی یەکەم بەرپرسیارن، چونکە ئەوان ئەرکی چاکردنی ڕێگەوبانیان لەئەستۆ دایەو ئەوانیش دەتوانن لەخۆڕاوە مۆڵەتی شۆفێری دابەش نەکەن.

شۆفێری نەزان لە دوو سەرەوە کێشەکە ئاڵۆز دەکات، لەسەرێکەوە هێماکان و ڕێنوێنیەکان ناناسێ، لەسەرێکی دیکەشەوە کارەسات بۆ بەرانبەرەکەی دروست دەکات، ئەمەش تەنیا بە قورسکردنی سزاکان چارەسەر دەکرێ. ئەگەر لایەنی پەیوەندار سزای ئەو کەسانە بدات کە بەبێ مۆڵەتی شۆفێری سەیارە لێدەخورن، یان سزای ئەو شۆفێرانە بدات کە سەرپێچی دەکەن و ڕێنوێنیەکان لەژێر پێ دەنێن، لەوانەیە کارەساتەکانی ڕێگەوبان کەمتر دەبنەوە، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات، ڕۆژ دوای ڕۆژ کارەساتەکان زۆرتر ترسناکتر دەبن، ئەمەش زیانی گەورە بە کۆمەڵگە دەگەیەنێ.

ئەگەر دەگوترێ کە ئێستا بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆ مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی شۆفێری توند کردوەو لە خۆڕاوە دابەشی ناکات، بەڵام لە کردەدا پێچەوانەیە، کەسانی وا مۆڵەتی شۆفێریان لەباخەڵ دایە کە چاویشیان بە پۆلیسی هاتوچۆ نەکەوتووە. جاران باس لەوە دەکرا کە ئەوەی واستەی هەبێ، مۆڵەتی شۆفێری بۆ دێتە ماڵەوە، من نازانم ئەو دەنگۆیە تا چەند ڕاستە، بەڵام کەسانێک دەناسم وەکو پێویست لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو نەبوونە و مۆڵەتیشیان پێدراوە.

فیتەرێک دەیگوت: 'کارەساتەکانی ترافیک بازاڕی ئێمەی گەرم کردووە، ئەگەر شۆفێری خراپ و بەنزینی خراپ و ڕێگەوبانی خراپ و کۆنینە نەبێ، لەوانەیە لە مانگێکدا کەسێک ڕوومان تێ نەکات، بەڵام بەهۆی ئەوانەی کە ئاماژەم پێکردن، وامان لێهاتووە کە دەرفەتی ئەوەمان نیە سەری خۆمان خوریتنین، هەر سەیارەیەو بەرە لای فیتەر ڕادەکێشرێ، هەر کرێنەو تەلەفۆنی بۆ دەکرێ و بەپەلە بە هاواریانەوە دەچێ.

دیارە هەموو فیتەرەکان وەک یەک بیر ناکەنەوە، کاک محەمەد کە فیتەرێکی لێهاتووە، سەبارەت بە کارەساتی ڕیگەوبان گوتی:' وەڵاهی ناوی خودایە من حەز ناکەم هیچ کەسێک دووچاری کارەساتی ڕێگەو بان ببێتەوە، من حەز ناکەم کەس زیانی پێبکەوێ و منیش لەسەر زیانەکی ئەو نان پەیدا بکەم، من فیتەرم و کاسبی دەکەم، بێگومان سەیارەش هەر کەموکووڕی لێ پەیدا دەبێ، بەڵام حەز بە ڕتامپۆن و وەرگەڕان و بەریەک کەوتنی سەیارە ناکەم.

وەستا محەمەد لەگەڵ بۆچوونەکەی ئێمە هاوڕابوو کە حکومەت لەو کارەساتانە بەرپرسیارە، ئەو دەیگوت: ' وڵاتانی دیکە چونکە ڕیگەوبانی باشیان هەیە، چونکە یاساو قانونیان هەیە، بەدەگمەن کارەساتی ترافیکیان لێ ڕوودەدا، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە وەکو ئێمەن و ئاسیایین و بایەخ بە خزمەتگوزاریەکان نادەن، ڕێژەی کارەساتی ترافیکیان بەرزە.

بەگوێرەی سەرژمێریەکان، ڕێژەی ئەوانەی لە وڵاتانی ئاسیا، بەتایبەتیش لە ئێران و عێراق بە کارەستانی ئۆتۆمۆبێل گیان لەدەست دەدەن، لەچاو وڵاتانی دیکە جیهان لەپێشتر و بەرچاوترن.

سەرکەوت لادێیی

دەنگی بەرمیلی نەوت لە نێو شەپۆلەکانی گەرمای هاویندا

ڕۆژی پێنج شەممە ٣١ی تەمموز لە سەر شەقامی سەرەکی گەرەکی نەورۆزی شاری هەولێر ئاپۆرەی خەڵک و باڵای بەرمیلی ڕیزکراو ڕێگەیان لە ڕێبواران بەستبوو، لەولاشەوە دوو تانکەر ڕاوەستابوون، بەرمیلی بەتاڵیش ڕیزیان بەستبوو، قەرەباڵغیەکە بەشێوەیەک بوو کە زیاتر لە خۆپێشاندان و ڕێپێوان دەچوو تا وەرگرتنی نەوت لە مانگی تەمموزدا. ئێمە کەو دیمەنەمان بینی، هاتینە خوارێ و بەرەو لای تانکەرەکان ڕۆیشتین، بەڵام تێکچڕژانێکی ئەوتۆبوو کە دەرفەتی ئەوەمان نەبوو لە تانکەرەکان نزیک بینەوە، لەلایەکەوە خەڵکەکە پەلەیان بوو پێڕابگەن و نەوتەکانیان وەربگرن، لەلایەکی دیکەشەوە پۆلیس و چەکدار چوار دەوری تانکەرەکانیان گرتبوو، هەرچۆنێ بوو خۆمان گەیاندە لای ئەوانەی کە بەپەڕۆشەوە بۆ وەرگرتنی نەوت ڕاوەستابوون، سەرەتا نیگامان لەسەر پیاوێکی بەساڵاچوو گیرسایەوە کە ریشێکی سپی بەردابۆوە، ئارەقەی لێدەچۆڕایەوە، بە لچکی جامانەکەی تاوێک ئارەقەی دەسڕی و تاوێک باوەشێنەی لەخۆی دەکرد، هەرچۆنێ بوو گەیشتینە لای پرسیمان: 'مامە گیان بەو گەرمایە بۆچی وەستاویت؟' ئەو کە تورەبوونی لێدەباریێ، سەرێکی باداو بە نابەدڵیەوە گوتی: 'بەخێری ناگیانم هاتووم نەوت وەربگرم! ئاخر ئەوان لە زستاندا بێ نەوتمان دەکەن، زستانی ڕابردوو عەزابی زۆرمان کێشا، دەڵێم با بۆ زستانی داهاتوو تۆزەک نەوت پاشەکەوت بکەین، بەڵام وا بزانم بەرم ناکەوێ، ئەو شەڕە نەوتە بە پیرێکی وەکو من ناکرێ'

مامە پیرە ڕاستی دەکرد، ئەوانەی بە تونا بوون بەرمیلەکانیان هەڵدەگرت و خۆیان دەگەیاندە پێشەوە، ئەوانەی کەم تواناش بوون دەبوایە بە دیار ریزی بەرمیلەکانەوە لەبەر گەرمای هاویندا ڕابوەستن و ئارەق هەڵبڕێژن.

ژنێکی ڕەش بوو کە لەبەرخۆیەوە بۆڵەبۆڵی دەکرد و لە دوای هەموویان ریزی گرتبوو، سەرنجی کێش کردین، چووینە خزمەتی و لێمان پرسی: 'پووری تۆش بۆ نەوت وەرگرتن هاتوویت؟'

لەوەڵامدا گوتی: 'کوڕی خۆم دەردی زستانی ڕابردوو لەبیر ناچێتەوە، دەزانی چەندمان پارە بەنەوت دا!! دەڵێن ئەلعان بەرمیلی بە چل هەزار دەدەن، ئەوە نیعمەتە!! خوا بکات نۆرەم بگاتێ و وەری بگرم، خوای دەکرد لەبەر گەرما هەڵدەتۆقیم و دەسووتام'

ئەو ژنە بیرەوەری تاڵی لەگەڵ سەرمای زستاندا هەبوو، بۆیە هیچ نیگەرانی لەگەرما نەبوو، دەیگوت: 'وەڵا ئەگەر بشسووتێم ناڵێم گەرمە، دەزانی سەرما چی پێکردین، پارەمان نەبوو نەوت بە ٢٠٠ هەزار بکڕین، منداڵەکانمان هەڵدەلەرزین، سەرمایێکی وشک بوو، سکی تێر ئاگای لەبرسی نەبوو، لەبەر بێ نەفتی نە شیومان بۆ لێدەندرا نە خۆشمان پێ گەرم دەکرایەوە، چاک نیە لە هاویناں پێویستمان بە سۆبەو ئاگر کردنەوە نیە، بۆ خۆشووشتنیش ئاو گەرم ناکەین، یاخوا زستان ئاو ئاو بڕوات و نەیەتەوە'

کچێکی گەنج بە دیار بەرمیلێکی بەتاڵەوە ڕاوەستابوو، دەستێکی لەسەر بەرمیلەکەی دانابوو، بە دەستەکەی دیکەشی مۆبایلەکەی لەبن گوێ ڕاگرتبوو، قسەی دەکر، حەزمان دەکرد پرسیاری لێبکەین، زۆر چاوەڕێمان کرد، ئەو هەر درێژەی بە قسەکردن دەداو زۆر بە ئارامی لەگەڵ کەسێک دەدوا، ئەو دەیزانی ئێمە دەمانەوێ پرسیاری لێ بکەین، بەڵام ئامادە نەبوو تەلەفۆنەکەی دابخات، زۆر پەرۆش و تامەزرۆی قسەکردن بوو، بۆیە ڕووی پرسیارمان لە گەنجێکی باریکەڵە کرد، ئەو زنجیرێکی ئاڵتوونی لەمل دابوو، ریشی سەر چەناگەی بەردابۆوە، گوتی: 'من ناوم شەریفە، بۆ وەرگرتنی نەوت هاتووم، بەڵام ئەگەر ئەم بەرمیلەشم پڕ کرد، هێشتا کێشەکانی ئێمە چارەسەر نابن، ئاخر هەموو کارکردنمان بە نەوتە، دوایی بەرمیلێک نەوت کە ٢٠٠ لیتریش نابێ، بەشی چی دەکات؟! من حەزم نەکرد دڵی دایکم بشکێنم، ئەگەرنا بەرمیلێک نەوت ئەم عەزابە هەڵناگرێ، بۆخۆتان دەبینن چەند گەرمە، ئەگەر درۆم نەکردبێ، لە پەنجا تێپەڕی کردووە'

ئەو گەنجە ڕاستی دەکرد، ئێمە بەر لەوەی لە ماشێنەکەمان دابەزینم سەیرمان کرد پلەی گەرما ٥١ بوو، تێکڤژڤژانی ئەو هەموو خەڵکەش گەرمتری کردبوو.

ژنێک کە سەرتا جلی ڕەشی لەبەردابوو، سێ منداڵی بچووکیشی بەدەرەوەبوو، بەدیار بەرمیلێکەوە ڕاوەستابوو، پرسیارمان لێکرد، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو وەڵاممان بداتەوە، دەترسا بەهۆی ئەو چاوپێکەوتنەوە گرفتی بۆ دروست ببێ، ئەو بە شەرمەوە پێی گوتین: 'کاکە لێم دوور بکەونەوەو موشکیلەم بۆ دروست مەکەن، پیاوەکەم دڵپیسەو بۆخۆی لە هەنجەتەو دەیەوی ژنم بەسەر بێنێ، نەبادا ئەوەم لێ بکات بە قسەو تەڵاقم بدات'

تا دەهات ریزی بەرمیلەکان درێژتر دەبۆوە، دەنگی بەرملی خلۆرکراوە ئەو ناوەی پڕکردبوو، ئەوەی بیدیتبایە سەرسام دەبووو، ئاخر هاوین و بەرمیلی نەوت هێندە یاشنایەتیان لەگەڵ یەکدیدا نیە، بەڵام دەبی چی بڵێین کە خەڵکی وڵاتەکەمان لە زستاندا بە دوای نەوت وێڵن و لە هاویندا بۆ کارەبا بە ئاسماندا دەچێ و نۆرە بۆ ئاو دەگرێ! کەسیش نازانێ کەی ئەو قەیرانە چارەسەرو یەکلایی دەبێتەوە؟!

سامان و ساسان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com